# هەڵەبجە لە مێژووی بزافی ڕزگاریخوازی کوردستاندا

**پێشمەرگەی دێرین حسێن خەلیفە محەمەد**

خوێنەری بەڕێز هەڵەبجە خۆی بۆ خۆی مێژووەومێژوویش بریتیە لە گێڕانەوەی ڕووداوو کارەساتەکان وەك خۆی . چ بە بینان چ بە بیستن دەتوانیت مێژوو بە پێنوس وبە هزرو ئەقڵ و بە هەستێکی دروست بنوسیتەوە کە ئەویش بۆ نەوەی دوا ڕۆژی ئەم گەلە سودی بالأی دەبێت.هەڵەبجەش بووە بە ناسنامەو مێژوو مێژووەکەش وا تۆمار دەکەین .من لێرەدا ناچمە سەرئەساس و بنیاتنانی ئەو شارە و مێژووەکەی بۆ کەی دەگەڕیتەوە ئەوە جێدەهێڵم بۆ مێژوو نوسانی بەڕێز کە هیوا دارم بابەتی نوسینەکەی منیش کەلێنێ لەو مێژووە پڕ بکاتەوە و سەرچاوەیەکیش دەبێ بۆ مێژووی ئەو شارە .هەڵەبجە ئەستێرە گەشەکەی ئاسمانی کوردستانەو ناسنامەی گەلێکی مەزلومەو شارێکی زوڵم لێکراوو شەهید کراوی دەست بەعسیە زەندیقەکانە .هەڵەبجە لە مێژوودا بە دەست ڕژێمە یەك لە دوا یەکەکانی حوکمەتی ئێراق و بە تایبەت حوکمی بەعسیە فاشیەکان و سوپا داگیر کەرو




تۆقینەرەکەی ڕژێمی لە ناوچووی بەعسیەکان ئەوەی پێیان کرا کردیان ئەوەی نەکرا نەیانتوانی . هەڵەبجە لە مێژوودا لەسەردەمی حوکمی پاشایەتیدا شێخ محمودی نەمر لە سالأنی 1920 /1921 بە لەشکرێکی گەورەوە لە سلێمانی و شارباژێڕەوە بەرەو شاری هەڵەبجە بە ڕێ دەکەوێ لە سنوری شارەزوور تێپەڕ دەکات و دەچێتە (گوندی ئێلأنپێ)ی بناری هەورامان لەگەڵ پیاو ماقو لأنی هەورامان و دەڤەری هەڵەبجە کۆ دەبێتەوە لەبەر چەند هۆکارێك شێخی نەمر نەچووە شاری هەڵەبجە. شێخ بیری لەوە کردەوە گەر

سەفەری هەڵەبجەی بکردایە لەوێ ناکۆکی دروست دەبوو بۆیە سەفەرەکەی دوا خست . فرۆکەکانی ئینگلیزەکان دەورو بەری هەڵەبجەو عەبابەیلێیان بۆمب باران کرد و خەڵکی هەڵەبجە سۆزو حورمەتیان بۆ شۆڕشەکەی شیخ محمود دەبێت و . لە ساڵی (1958) لە شۆڕشی عبدالکریم قاسم و نەمانی حوکمی پاشایەتی بۆ داواکاریەکانی گەلی کورد وەفدێکی شاری هەڵەبجە کە زۆربەیان مامۆستایانی ئاینی بەڕێز دەبن دەچنە بەغدادو یاداشتێك بە حوکمەتی عێراقی ئەدەن . ئەو وەفدە بە سەرۆکایەتی بەڕێزان و خوا لێ خۆشبوان بە ڕێز ( مامۆستا مەلا عوسمان عبد العزیز و مامۆستا مەلا صالح عبدالکریم و مامۆستا مەلا علی عبدالعزیزو چەندین لە پیاو ماقولانی هەڵەبجە دەبێت و ئەو سەردەم حوکمەتی عێراق تێدەگەیەنن کە کورد نەتەوەیەکەو خاك و ئاوو نیشتمان ئاین و مێژووی خۆیان هەیەو لە عێراقدا دوو نەتەوە هەیە کە سەرەکی بن ئەویش کوردو عەرەبە . من لە بەڕێزو خوا لێخۆش بووان جەنابی مامۆستا مەلا علی عبدالعزیزو بەڕێز مامۆستا مەلا صالح بیستومەو بۆیان گەڕاندوومەتەوە . کە لە کۆنەوە بە هۆی ئاشنای باوکم و نزیکی لێیانەوە من عیلاقاتی ڕۆحیم هەبووە لە گەڵیان بۆیە حەزم کرد ئەو مێژووە بە پاکی ڕابگیرێ . لە مانگی (9) ی ساڵی (1961) عەشایەری جاف لە دەڤەری هەڵەبجە و شارەزوورپشتیوانیان لە شۆڕشی ئەیلول و جەنابی بەڕێز (مەلا مستەفای بارزانی کردو عەشایەری هەڵەبجە بەر (تونەیلی ) دەربەندیخان یان گرت و هاوکاری تەواوی پێشمەرگەیان کرد شەڕو پێکدادان لە نێوان سوپای عێراق و پێشمەرگەو عەشایەری جاف دروست بوو . هەڵەبجە رۆڵی کاریگەری هەبوو لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی گەلی کورددا لە سازدانی شۆڕش و بەرگری و بەرخورداندا . ڕژێمی عێراقی ئەو سەردەم( دوو فرۆکەی جەنگی جۆری میگ ) یان ناردە سەر هەڵەبجەو سیروان و بۆمبارانی هەموو گوندەکانی سەر جادەی قیری کرد .( هەر لە گوندی سیارە تا گوندی قەرەگۆل) تا هەڵەبجەیان بۆمب باران کرد . لە شارۆچکەی سیروان بۆمبارانی (لۆریەکەی عەزەیان کرد) کە پڕ بوو لە خەڵك خەڵکێکی زۆر شەهید و بریندار بوون لۆریەکەی عەزەش تێك شکا کە تاکە سەیارەی گەورە بوو لە نێوان هەڵەبجەو سلێمانی کاری دەکرد . لە ساڵی 1963 لیوای (20ی سوپای عێراق) بۆ بەگژا چوونەوەی هەڵەبجەو پێشمەرگە و سلێمانی بە سوپایەکی گەورەو گرانەوە لە چەندین ڕێگاوە بە تایبەت لە دەربەندی خانەوە بە پشتیوانی تۆپخانەو فرۆکەو زیاتر لە( 100) زرێ پۆش بەرەو شاری هەڵەبجە کشان و سەرەتا لە(گوندی سیارە لە ناحیەی وارماوا ) لە نوێژی جومعەد(نۆزدە 19)هاوڵاتی گوندی سیارەیان بە مامۆستا مەلا محمودی گوندەکەیانەوە گولە باران کرد . هەرچی گوند هەبوو لە سەر جادە تا قەرەگۆڵ تا پردی زەڵم هەموویان سوتاند ئەوەی دەستیان پێنەگەشت بە تۆپخانە بۆمب بارانیان دەکرد . لە پردی زەڵم پێشمەرگەو عەشایەری جاف شەڕێکی گەورەو گرانیان لە گەڵ ئەو سوپا گەورەدا کرد کە شەڕی مان و نەمان بوو . ئەو پێشمەرگانە ژمارەیان (20) پێشمەرگە یەك دەبوو (3شەوو (3 ڕۆژ) پێشمەرگە توانیان بەر لە (100) زرێ پۆش و هەزاران

سەربازی سوپای عێراق و تۆپخانەکانیان بگرن لەو داستانە کەم وێنەیەدا (حەوت (7)پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون ) کە دوانیانم لەبیرە ناوەکانیان ( شەهید حمە گوڵپی و شەهید مام ئەمین هانە سورەیی بوون ) داوای لێبووردن دەکەم ناوی شەهیدەکانم لە بیر نەماوە کە ئەوانیش قارەمانی ئەو داستانە بوون . سوپای عێراق لەو شەڕە تێکشکا خەڵکی هەڵەبجەو سیروان و خورماڵ نان و خواردنیان گەیاندە سەنگەری پێشمەرگەکان . سوپای ئەو کا تی ڕژێمی عێراق بە پیادە (بە مەشی) تونیان تێبپەڕن . جادەکان هەموو عەشایەر بە پاچ و بێڵ و زەنگن دایان بڕ ی و جادە لە زەڵم تا سیروان لە (6 جێگە) بە پانی جادەکە بە سێ (3) م بە قوڵی (2م) هەموو جا دەکان دابڕان و ئاویان تێکرائەمەش بۆ ئەوە بوو پێشمەرگە مقاومە بکات نەهێڵن ڕژێم تەعدا لە هەڵەبجەو دەڤەرەکە بکات مەرکەزی پۆلیسی سیروان زۆربەی پۆلیسەکان کورد بوون پۆلیسەکان مەرکەزەکەیان تەسلیم بە شۆڕش کردوئەو پۆلیسانە هەڵوێستێکی جوامێرانەیان نیشاندا .ئەو پۆلیسانە (20 ) پۆلیس بوون دایانە پاڵ شۆڕش و خەڵکی هەڵەبجە لە گەڵ (10) پێشمەرگە لە جادەی کۆن و تازەی سیروان سەنگەریان لێداو ڕوو بە ڕووی زەعیم سدیق مستەفا و سوپای (20)ی عێراق بوونەوە . زەعیم سدیق مستەفا ئەفسەرێکی پایە بڵندی بەرپرس بوو پیاوێکی دڵڕەق و تاوان با ر بوو کەوتە سو تا ندنی گوندەکان .لە سیروان شەوو ڕۆژێك پێشمەرگەو پۆلیس بەرگریان کرد ئەو پۆلیسانە لەو ڕۆژەدا لە ڕاستیدا دژ بە سوپای (20) ی عێراق مقاومەیان کرد .زەعیم سدیق مستەفا خەڵکی پارێزگای تکریت بوو دانیشتوی (عۆجە ) بوو شارۆچکەی سیروانی هەموو سوتاند تەختی کرد. هیچ کەس ماڵی دەرباز نەکرد سەروەت و سامانی هاوڵاتیان تالان کرا . مەڕو مالات بوونە خۆراکی سوپای (20)ی عێراق . سوپای عێراق بەرەو هەڵەبجە کشا . گوندەکانی هەموو سوتاند . خەڵکی هەڵەبجە پەنایان بۆچیاکان و شۆڕش برد . لە هەڵەبجە خەڵکی زۆریان گولە باران کرد . جاشەکانی زەعیم سدیق لە شارۆچکەی سیروان حمە علی فەتاحیان شەهید کرد . لای گردی شەقلاو ا نزیك بە خورماڵ (9)هولاتیان لە سەر کێڵگەکانیان گرت و گولە بارانیان کردن . کە ئەویش دەستی خۆ فرۆش و خائینێکی جاشی لە پشتەوە بوو . زەعیم سدیق مستەفا کە ئامر لیوای (20) ی سوپای عێراق بوو پیاوێکی ترسناك بوو زەندیقەو بێبەزەی بوو ئەوەی پێ ی کرا کردی ئەوەی پێ ی نەکرا نەی توانی.

لەساڵی (1968)جارێکی تر لەحکومی بەعسیەکان هێرش کرایەوە سەر خەڵکی هەڵەبجە و سیروان بەعسیەکان سیروانیان سوتاند.

لەساڵی (1974)فرۆکە مەرگ هێنەرەکانی ڕژێمی بەعس بەچەکی قەدەغە کراوی ناپاڵم و ساروخ لەرێگەی فرۆکە مەرگ هێنەرەکانیەوە شاری هەڵەبجە و قەڵادزەیان بۆمباران کرد , سەدان کەس شەهید و بریندار بوون , سیمای ئەوشارە لەشارێکی ڕوخاوی خاپوور کراو دەچوو یەکەم مەفرەزەی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلولی مەزن لەساڵی (1961)و یەکەم مەفرەزەی شۆڕشی ڕزگاری کوردستان لەساڵی (1976)لەشاری هەڵەبجەوە سەری هەڵداو چوونە چیاکان و

شۆڕشیان بەرپا کرد , کورد زوڵمی لێ کرا بەناهەق جینۆ ساید دەکراین بۆیە ئێمەش بڕیاری شۆڕش و بەرگریماندا و تێ بکۆشین لەپێناو دەستەبەر کردنی مافەکانی گەلی کورد خەبات بکەین . پێشمەرگە بووە وارسی شەرعی خەڵکی کوردستان بوونە سوپای ڕزگاری کوردستان و پێشمەرگە بووە ڕەمزی خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد , لەساڵی (1976)شۆڕش و پێشمەرگە لەهەڵەبجە سەری هەڵدایەوە و بەرخودانیان کرد , ڕژێمی بەعس بەپاڵ پشتی (50)هەزار سەربازی مەشق پێ کراو بەپشتیوانی تۆپ خانەو فڕۆکە و دەیان هەلی کۆپتەر پەلاماری هەڵەبجە و شارەزوور و سورێن و هەورامان دراو ماڵ پشکنین شار پشکنین شاخ پشکنین چەم پشکنین دۆڵ و بن بەرد بەدوای پێشمەرگە و شۆڕش گێرەکاندا دەگەڕان . لەساڵی (1977 ـ 1978) هەموو گوند نشینەکانی سنووری هەڵەبجە لەلایەن سوپای بەعسیەکانەوە تێك درا و ئاگر لەڕەز و باخەکان بەردرا و دێهاتی سنوری لە جادەی پێنجوێن تا سورین لە شنروێ تا بالآمبۆ و بەمۆ و زمناکۆ کە جوگرافیای سیاسی شاری هەڵەبجە بوو هەر هەموو دێهاتەکان لەلایەن سوپای عێراقەوە تەخت کران و خەڵکەکەی ئاوارەی ئۆردوگا زۆرە ملیەکان کراو ناوچەکانیان بووە (موحەرەمە), قەدەغە کراو کەس بۆی نەبوو سەردانی کێڵگەو ناوچەی خۆی بکات . هەرکەس ببینرایە سزاکەی گوللەباران بوو , ڕژێمی بەعسی لەناوچوو ڕژێمێکی دیکتاتۆر و تۆقێنەر و وێران کەر بوون , بەعسیەکان لەساڵی (1981)زانکۆی سلێمانیان گواستەوە بۆ هەولێر ئەو شارە خۆراگرەیان لەخوێندن بێ بەش کرد , شاری هەڵەبجە شاری شاعیران و ئەدیبان شاری نوسەران و شۆڕە سوارانی مەیدانی خەبات و کوردایەتی ڕاپەڕین و گەورە و بچوك ژن و پیاو ڕژانە سەرجادەکان و دووکان و بازاڕەکان داخران و دژی داخستنی زانکۆی سلێمانی و سیاسەتە چەوتەکانی بەعس ڕاوەستان و پشتیوانی خۆیان بۆ خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی ڕاگەیاند و ئەم ڕاپەڕینەی شاری هەڵەبجە هەموو کوردستانی گرتەوە خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگا و دواناوەندییەکان دەور و ڕۆڵی کاریگەری گێڕا لەو ڕاپەڕینە مەزنەی ساڵی (1981)و جەماوەری هەڵەبجە و سیروان و خورماڵ و بیارە و سەیدصادق و گوند نشینەکان لەڕووی زوڵم و زۆرو ستەمەکانی بەعس ڕاوەستان , بەعسیەکان خەڵکی زۆریان لەسلێمانی و هەڵەبجە گرت , ڕژێمی بەعس بەپشتیوانی تۆپ خانەو هەلی کۆپتەرو دەبابە و بەپشتیوانی هەزاران سەرباز و جاشی خۆ فرۆش لە (1987/5/9)پەلاماری (50)گوندی دەڤەری هەڵەبجە و ناحیەی وارماوایان دا و هەموو دێهاتەکانیان سوتاندن و بەشۆفڵ کەلاوەکان تەخت کران , هێزەکەی سوپای عێراق زۆر زەبەلاح بوون و دەبابە و فڕۆکە پارێزگاری لێ دەکردن , ئێمە لە (حزبی سۆسیالیستی کوردستان) (30)پێشمەرگە بووین لەسەر ڕووباری ئاوی زەڵم بووین لەنزیك گوندەکانی (تەپە سەرقوڵە و کشەدەری ). (7)پێشمەرگەی (ی .ن ك)لەگەڵمان بوون زۆر ئازا بوون شەهید کاك صاڵح مجیدلان یان لەگەڵ بوو خەڵك هەموو ئاوارەی شارەکان و ئۆردوگا زۆرە ملیەکان بوون, ئێمە و جەماوەر ئەم تاوانەمان پێ قبوڵ نەکرا نەخشەی ڕاپەڕینمان داڕشت ئەو

سەردەم من بەرپرسی ناوچەی هەڵەبجەی حزبی سۆسیالیست بووم ناردم بەشوێن دایکمدا بۆ سیروان دایکم هاتە لام پاش شاد بوون بەیەکتر ووتم دایکە من پێشمەرگەم لەخزمەت گەل و نیشتماندام لەوانەیە ئیتر من نەبینیتەوە ووتی بۆ ووتم ئێمە بڕیارمان داوە سەرجاوەی قیری زەڵم خورماڵ پردی زەڵم تا سیروان بگرین و بڕیارمان داوە تۆڵەی گوندەکان و زوڵم و زۆری بەعسیەکان لە دوژمن بکەینەوە شەڕ دەکەین یان سەرکەوتن یان مردن . دایکم ووتی ڕۆڵە بەیانی و دوو بەیانی ڕاپەڕینە و مزاهەرەیە دژی ڕاگواستن و کوشتن و توندو تیژی بەعسیەکان دیار بوو جەماوەریش ئامادەباش بوو , زۆری نەخایاند کاك (کریم کانی شێخی)لەسیروانەوە هاتە لام ووتی جێگە و شوێنمان بۆ دابین بکەن بۆ ماڵ و منداڵەکان لەبەر ئەوە ڕاپەڕین دەست پێ دەکات , نامەمان نوسی بۆ ڕێکخستنەکانی خۆمان بۆ جەماوەر تەنانەت بۆ زۆر لە سەرۆك جاشەکان شەوی (1987/5/10)مەفرەزەی پێشمەرگەمان تەشکیل کرد بۆناو شاری سیروان و خورماڵ و سەیدصادق و هەڵەبجە پەیوەندی لەگەڵ جەماوەر کرا ئەو کات زۆربەی هێزەکانی حزبی سۆسیالیست و یەکێتی و پارتی و حزبی شیوعی لەقەرەداغ بوون . بڕیار درا ڕۆژی (5/13)ڕاپەڕین دەست پێ بکات و هێزەکانی هەموو حزبەکان لەقەرەداخەوە بگەنە دەقەری هەڵەبجە و جادەی قیری سلێمانی هەڵەبجە کۆنترۆڵ بکەین جەماوەر ڕاپەڕی , بەداخەوە جەماوەر پەلەیان کرد ڕانەوەستان تا هێزەکان دەگەن ڕۆژی (1987/5/12)لە سیروانەوە ڕاپەڕین دەستی پێ کرد , دایکم (مەلیحە تۆفیق تەمر) یەکەم فیشەکی ڕاپەڕینی تەقاند و ژنێکی ئازای کورد لەڕووی بەعسدا ڕاوەستا و جەماوەر ڕژانە سەر جادە و شەقامەکان و سیروان لەڕژێمی بەعس پاك کرایەوە . (5)هەلی کۆپتەری جەنگی هاتە سەر ئەوهێزەی ئێمەو (ی .ن .ك)کە (37)پێشمەرگە بووین ئێمە جادەی پردی زەڵم سەیدصادق خورماڵ مان کۆنترۆڵ کرد و ڕەبیەکانی گردی گۆ و گردی کوڵکنی و گردی شەقراوا و ڕەبیەی گردی تەپە گوڵاوی و تەپە تۆڵەکەمان گرت هەموو چەکدارەکان ئەوەی کورد بوون تەسلیم بوون شەڕیان نەکرد هەلی کۆپتەرەکان بەسەختی بۆمبارانی ئێمەیان کرد تۆپ خانەکانی بەعس تۆپ بارانیان کردین ئێمەش بە (RBG) ئاربی جی و(BKC) بی کەی سی لەهەلی کۆپتەرەکان هاتینە دەست و سەرجادەمان کۆنترۆڵ کرد , بەگولەی هەلی کۆپتەرەکان پێشمەرگەیەکمان شەهید بوو ناوی شەهید (حەمە عارف حەمە وەسیم )بوو , هەڵەبجە ڕاپەڕی مامۆستایانی ئاینی و خوێندکاران دەورو ڕۆڵی کاریگەریان گێڕا بەتایبەتی مامۆستا (مەلا عوسمان عبدالعزیز)و مامۆستا مەلا صالح عبدالکریم و مامۆستا مەلا ئەحمد کاکە محمود و مامۆستا مەلا ئیبراهیم مەلا عوسمان و مامۆستا مەلا خالید دێ کۆنی و ڕاپەڕین لە کانی عاشقانەوە لەشاری هەڵەبجە دەستی پێ کرد و هەموو هەڵەبجەی گرتەوە هەموو چین و توێژەکان بەهەموو ڕێکخستنی حزبەکانەوە بەشداریان کرد , ئەم ڕاپەڕینە پەلەی لێ کرا جەماوەر تەواو پڕ بوو بوون نەیان توانی ڕاوەستن تا هێزەکانی شۆڕش دەگەن , بەڵام سەرکەوتنیان بەدەست هێنا لە سەید صادق و خورماڵ جەماوەر ڕاپەڕی زۆر ناوەندی سوپای

عێراق و ڕژێمی بەعس دەستی بەسەردا گیرا . ئێمەش ڕێگەی سەرەکی هەڵەبجە سیروان خورماڵمان بەتەواوی کۆنترۆڵ کرد , هێزێکی گەورەی سوپای عیراق پەلاماری سەنگەرەکانی ئێمەی پیشمەرگەیاندا لەپردی زەڵم و گردی گۆ کەهەزاران سەرباز و دەیان دەبابە و حەوت هەلی کۆپتەریان لەگەڵ بوو بەپشتیوانی تۆپ خانە شەڕ بەسەختی لەنێوان ئێمەو سوپای عێراق دەستی پێ کرد ئێمە لەکات ژمێر (8)ی بەیانی (1987/5/12)لەشەڕدا بووین تا کاتژمێر (4)ی ئێوارە سوپای عێراق تێك شکا و نەی توانی فریای هێزە شپرزەکانی بکەوێ بەشکستی بەکوژراو بریندارێکی زۆرەوە گەڕایەوە لەجادەی قەدەفەری - گوڵەخانە لەشیرەمەڕەوە بۆ خورماڵ لەوێ وە بۆ هەڵەبجە و سیروان کشان هەر کەسیان دەست دەکەوت لەسەر کێڵگەکانیان دەیان گرت . بەعسیەکان و سوپای عێراق بەزەختی هێز و توند و تیژی سەرکوتی ڕاپەڕینەکەیان کرد . (85)هاولاتی بێ گوناهیان گرت بریندارەکانیان لەخەستەخانەی هەڵەبجە و سیروان و خورماڵ هەموو کۆ کردەوە , ئێمە یەك شەهید و سێ بریندار پێشمەرگەمان هەبوو کە یەکێك لەبریندارەکان خۆم بووم دووهەمیان کاك (ئەحمد قەدەفەری )بوو سێهەم کاك (حەمە صالح)بوو لەو داستانە قارەمانیەدا ئێمە زیاتر لە (150)سەرباز و جاشمان بەدیل گرت دەیان پارچە چەك دوو ناقیلە و سێ ئیڤا و سەیارەیەکی لانکرۆزەر و (10)جیهازی هۆکوتۆکی دەست کەوتی هێزەکەی ئێمە بوو , ئێمە بۆ تۆڵە سەندنەوە و بۆ پشتیوانی ڕاپەڕینەکەی شارەزوور بۆماوەی (8)سەعات لەشەڕدابووین و نەمان هێشت سوپای عێراق لەجادەی پردی زەڵم تێ پەڕ بکات , هەلی کۆپتەرەکان بەردەوام لەجەماوەریان ئەدا سوپای عێراق (85)هاولاتی بێ تاوانی بێ گوناهیان گرت ماوەیەك سۆراخیان نەبوو من بەهۆی کاك مەلا قادر شادی کە خوشکی کاك مەلا قادر شادی براژنی منەو ئەویش لاوێکی تازە پێگەیشتوو تاقانەی باوك و دایکێکی مسوڵمان و خواناس بووە بۆ سەعی کردن دەچێت بۆلای بامۆك ئەمیش تەمەنی منداڵ ئەبێت ڕێگەی دەکەوێت لە کۆمەڵە خۆڵێکی داپۆشراو سەیر دەکات چەند سەگێك لەسەر ئەو کۆمەڵە خۆڵە کۆمەڵەیان کردووە نزیك دەبێتەوە دەستی کەسێك دەبینێ و تێ دەگات گۆڕێکی بەکۆمەڵە و خەبەر دەدات بەچەند پیاوێکی ئاینی و کەس و کاری ئەو گۆڕە بەکۆمەڵە و بەشەو چەند تەرمێك لەپشتی گوندی بامۆك دەر دەهێنن کەلەو (85)هاولاتیە بوون کەلە ڕاپەڕینەکەی شارەزوور گیرابوون و زیندە بەچاڵ کرابوون منیش هەواڵەکەم لە ڕاگەیاندنی خۆمان بلاو کردەوە و ڕادیۆی تاران هەواڵەکەی پشت ڕاست کردەوە , هەڵەبجە مێژوومانە و مێژووش هەڵەبجەیە , ئەوەش کورتەیەکە لەڕووداوی ڕاپەڕینەکەی ڕۆژانی (12 و1987/5/13)ی شارەزوور , بەعسیەکان گەرەکی کانی عاشقانیان تێك و پێك دا لەسەیدصادق و سیروان چەند گەرەکێکیان تێدا . مامۆستایانی ئاینی هەڵەبجە بڕیاری شۆڕش و بەرخودانیاندا و بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستانیان ڕاگەیاند , ڕۆژی (1987/5/13)هێزێکی گەورەی حزبی سۆسیالیست و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیوکراتی کوردستان و حزبی شیوعی کە

زیاتر لە (500)پێشمەرگە ئەبوون هاتن بەدەم ڕاپەرینەکەوە و شەو مەفرەزەو هێز تەشکیل کرا بۆناو شاری هەڵەبجە و سیروان و خورماڵ و سەیدصادق و جەماوەر بەسەر کرایەوە بەهۆی توندو تیژی بەعس و گرتنی (85)هاوڵاتی نەتوانرا درێژە بەڕاپەرینەکە بدرێت , سلاو لەشەهیدان سلاو لەو تێکۆشەرانەی کەلە ڕووی ڕژێمی بەعسدا پڵنگ ئاسا ڕاوەستان . هەڵەبجە مێژوویەکی پرشنگداری هەیە لەبزاڤ ڕزگاری خوازی گەلی کورددا هەمیشە هەڵەبجە سەرمەشقی شۆڕش و ڕاپەڕین و قوربانیەکان بووە لەپێناو دەستەبەر کردنی مافە زەوت کراوەکانمان لەپێشەوە بوون , لەجەنگی عێراق ـ ئێران کە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1980)کە دوو سوپای گەورەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەچەکی کوشندە و تەکنەلۆژیای سەردەم ئەوەی پێیان کرا دژی یەکتر کردیان پاش شەڕی مەدەنی و لێدانی شارەکان بەفڕۆکە و بەناپاڵم و بەساروخ بە ئەرز ئەرز بەربوونە گیانی یەکتر و ئەم شەڕە زیاتر لەیەك ملیۆن قوربانی لێ کەوتەوە , لەڕۆژانی (12 و 3/14)سوپای پاسدارانی ئێران بەسوپایەکی گەورە و گران بەپشتیوانی فڕۆکە و تۆپ خانە و دەیان هەزار پاسدار و سەربازی ئێران هێرشی وەل (فەجری (دەی)دەست پێ کرد بۆ سنوری جوگرافیای شاری هەڵەبجەو لەهەندێ ناوچە سوپای عێراق مقاومەیان کرد لەهەندێ ناوچە تێك شکان و سوپای ڕژێمی بەعس بۆ تۆڵە کردنەوەی خۆی لەخەڵکی هەڵەبجە و دەڤەرەکە لەڕۆژانی (16 و 17 و 1988/3/18)بۆماوەی سێ ڕۆژ (17)جار فڕۆکە جەنگیەکانی خۆی ناردە سەر شاری هەڵەبجە شاری لانکی خەبات و تێکۆشان شاری شاعیران و ئەدیبان شاری سوار چاکانی جاف و ئەم شارەیان بۆمبارانی کیمیاوی کرد . بەهەزاران ساروخ و قومبەلەی هێژوی و ناپاڵم و ئەرز ئەرزی لەهەڵەبجە و خورماڵ و سیروان و بیارە و عەنەب و دەوروبەری عەبابەیلێ و جەڵێلەدا . بەتۆپ خانەکانیشی لەدوورەوە تۆپ بارانی کیمیاوی ئەو شارە خۆ ڕاگرەیان کرد . پێنج هەزار شەهید و بیست هەزار بەرکەوتەی چەکی کیمیاوی لێ کەوتەوە خەڵکی ئەو شارە کەس کەسی نەدەناسی وەك ڕۆژی حەشر وابوو باوك نەی دەتوانی ئاوڕ لەجگەر گۆشەکانی خۆی بداتەوە دایك ئاگای لە لانکی کۆرپەکەی نەبوو منداڵ هەواڵی دایك و باوکی خۆی نەدەزانی بەپێ ی پەتی بەسەڵتی خەڵك لەماڵەکانیان دەر دەچوون و ڕوویان لەشاخەکان و مقەرەکانی پێشمەرگە دەکرد , کۆماری ئیسلامی ئێران لەڕستیدا زۆر دڵسۆزانە ئاوڕی لەبریندارەکانی چەکی کیمیاوی هەڵەبجە دایەوە , دەرمانی دەکردن داوای لە ڕۆژنامە نووسانی جیهان کرد کە بێن شاری هەڵەبجە ببینن و هەڵەبجە بناسن و سەیارەی دابین کرد بۆ گواستنەوەی ماڵی ئەو کەسانەی کەلە مردن و چەکی کیمیاوی ڕزگاریان بووە , بزووتنەوەی ئیسلامیش دڵسۆزانە تەرمی شەهیدانی هەڵەبجەیان لەگەڵ سوپای پاسدارانی ئێران لەچەندین جێگە کۆ کردەوە بەکۆمەڵ بەخاکیان سپاردن و چەکی کوشندەی کیمیاوی (4)جۆر بوون :-

1. بۆنی گیای گەنیوی گوێ ڕووبارەکانی لێ دەهات .

2. بۆنی هەرمێی لێ دەهات.
3. سوتێنەربوو.
4ــ فرمێسـك ڕێــژ و تەنگەنەفەســی و کــۆکین و سوربوونەوەی چاوی لە دوا بوو .
من خۆم پێشمەرگەی شۆڕشی ڕزگاری کوردستان بووم بەسەختی بەر هەموو جۆرەکانی ئەو چەکە کوشندەیە کەوتم بۆماوەی مانگێك لە تەبریز و سنە و کرماشان بوم تا ئێستاش بەو ئازارەوە دەناڵێنم شـت زۆرە لەســەر هەڵەبجــەی بیڵـێم یـان بینوسـم ئەمەش کاتی ماوە و وەختـی دەوێ , بۆ مێژووی هەڵەبجـە و ڕووداوەکـانی ئـەتوانی دەیـان کتـێبی لەسەر بنوسی.
چـەکی کیمیاوی تـەنها مرۆڤـەکانی شـەهید نـەکرد بەڵکو بەکۆمەڵ ئاژەڵە کێوی و ماڵەیەکانی لەناو برد , بەهــەزاران مـەڕو مـالآت و پـورە مـێش هـەنگ و کەروێشك و کـۆتر و پـۆڕ و مریشـك و قـەل و مار و جۆرەکانی باڵندە هەموو لەباڵ کەتبوون و مردبوون بۆیەکەمجار بوو لە مێژوودا ببیسم ڕژێمێك هـەبێت لەدنیا لەبەشێکی ئەساسی گەلەکەی خۆی بدات و جینۆسایدی بکات لەڕژێمی بـەعس دیمان , ئەنفال کیمیابــاران گــۆڕە بەکۆمەڵــەکان لەســێدارەدان زیندەبەچـاڵ دوورخســتنەوە ڕووخــان و تێکــدان پیشـەی ڕژێمەکـەی بەعسـی لەناوچوو بـوو بۆیــە دەبـێ سـەرانی بـەعس سـزای عادیلانـەی خۆیـان وەربگرن و هەڵەبجـەش لـەبیر نـەکرێت , هـەم ئێران هەم بەرەی کوردستانی پێشوو بەجدی ئاوڕی لێ بدەنەوە جیهان قەرزاری هەڵەبجەیە چوون بێ دەنگ بوون لەئاست ئەو تاوانە گەورەیە کە بەعسیەکان دژی گەلی کورد ئەنجامیان داو ئەوان کەڕو لاڵ کرو کپ بـوون , هەڵەبجەیـەکان بـوون بەسـێ بەشـەوە , بەشـی یەکـەم شـەهید و بریـندار بـوون , بەشـی دووهـەم بەسـەڵتی ڕوویـان لەسنورەکان و مقـەڕی پێشمەرگە و کۆماری ئیسلامی ئێران کرد , بەشی سێهەم بـەرەو سـنوری عەربـەت و نەسرو باریکەو زەڕایـەن و سـلێمانی و دەربەنـدیخان بەسـەڵتی خۆیـان لەمــەرگ ڕزگـار کـرد , ڕژێمـی بەعسـی لەناوچـوو بڕیـاری پێـك هێنـان و بنیـات نـانی شـارێکی دا بـۆ هەڵەبجەیـەکان لـەنزیك مـالوان و( کـانی کـەوە و یەخشـی و داری قـەلان) شـارەکە بەناوی (مد ینەت سەدامیە حلبجە)لێرەش لەدوای ئەو مەرگە ساتەو لەدوای ئەوتاوانە ئەو شارەیان بــەناوی دیکتــاتۆری عێراقــەوە ناونـا ئــەویش مێژوەکــەی دەگەڕێتــەوە بــۆ مــانگی 8ی ســاڵی (1988) کەخواستی هەڵەبجەیەکان نەبووئەو ناوە
.
هەڵەبجە کەوتە دەست سوپای پاسدارانی ئێران و ئەو ناوچەیە بووە ناوچەیەکی سەربازی و جەنگی ماڵ وێران کەر , لەکۆتای مانگی 8ی ساڵی 1988 جمهــوری ئیســلامی ئێــران قــەراری نەتــەوە یەکگرتووەکانی قبوڵ کرد و شەڕ لەنێوان عێراق و ئێراندا ڕاگیرا و سـوپای پاسـدارانی ئێران شاری هەڵەبجـە و جوگرافیـای سـنورەکەی چـۆڵ کـرد , پاشـان سـوپای عێراق بەپشـتیوانی فڕۆکـە و تـۆپ خانە و تانك و (25)هەزار سەرباز گەڕایەوە سنوری هەڵەبجــە و هــەورامان و ســیروان و خورمــاڵ و ناوچـەکەی داگیر کـردەوە , ڕۆژانـە بـەمادەی (TNT)تـی ئـێن تـی شـاری هەڵەبجـە و سیروان و خورماڵ و بیارەیان ئەتەقاندەوە . سوپای بـەعس زۆر ترسناك و دڕندە بوون . بێ ویژدان و زوڵم کەر و داگیر کەر بوون بێ بەزەیی بوون دارو درەختیان

دەسوتاند تالآنیان دەکرد , خانوەکانیان ئەتەقاندەوە کانیان ئەتەقاندەوە تەنانەت لەهەورامان و هاوار توێکلی دار گوێزەکانیان لیَ ئەکردەوە بۆ ئەوەی ووشك بن مرۆڤ کوژ بوون . لەساڵی (1991)دا بەرەی کوردستانی زەمینەی ڕاپەڕینی سەرانسەری خۆش کرد و بەرنامە ڕێژی کرد بۆ ئەوەی سوپای عێراق و بەعسیەکان لە کوردستان بەدەر بنێن ڕاپەڕین لە (1991/3/5)لەشاری ڕانیەی مەڵەبندی بەرخودان و فیداکاری دەستی پیَ کرد هەڵەبجەییەکان لە (1991/3/7)ڕاپەڕین و بەهاوکاری جەماوەری کوردستان ئەوانیش توانیان هەڵەبجە و شارەزوور و سیروان و خورماڵ و هەورامان و سورێن و نەسر و باریکە و فرقەی سەرا و هەڵەبجەی تازە و زەڕایەن و بەهاوکاری جەماوەرەکەی لەسوپای بەعس پاك بکەنەوە , پێشمەرگەش پێشەنگی ڕاپەڕینەکە بوون. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ شارەکان ئازاد دەکرا تا سلێمانی و هەولێر و دهۆك هەموو ئازاد کرا ئاگری نەورۆزی بەهار لەساڵی (1991)مان لەشاری کەرکوکی پڕ لەجەوهەر و جەواهێرانی کوردستان کردەوە , بەسەدان هەزار سەرباز و ئەفسەرو دەرەجەدار و بەرپرسانی بەعسی کەوتە دەست هێزی پێشمەرگەی کوردستان و جەماوەر کورد و شۆڕشەکەی لە تۆڵە نەگەڕان هەڵەبجەییەکان خاوەنی هەڵوێست و مەوقیف بوون گەر وەك بەعسیەکان بیرمان بکردایەتەوە دەبوو لەتۆڵەی هەڵەبجە و بارزانییەکان و کوردە فەیلیەکان و ئەنفالدا هەموو دیلەکانی ڕژێمی بەعس بکوژرانایە , بەلاَم کورد و شۆڕشەکەی سەدان هەزار دیلی سوپای عێراقی لەمردن ڕزگار کرد و لەدوای تۆڵە نەگەڕاین ئەوە هەڵوێستی کورد بوو بەرامبەر بە سەدان هەزار سەرباز و ئەفسەر و پایەداری سوپای عێراق , دیاری بەعسیەکانیش لە کوردستان کیمیاباران و ئەنفال و زیندەبەچاڵ و ڕاگواستن و دوورخستنەوە و لەسێدارەدانی کورد و جینۆسایود کردنی بوو , لەدوای ڕاپەڕین یەکەم کەس کە گەڕایەوە بۆ هەڵەبجە بەڕێز (خاڵۆ سید نەجیم هانە سوورە)بوو هاتە لای من ووتی من دەگەڕێمەوە بۆ ناو کەلاوەکانی شاری هەڵەبجە و دوابەدوای ئەو خەڵك گەڕایەوە بۆ شارێکی وێران کراو شەهید کە ئەویش شاری هەڵەبجەیە . بژی کورد بژی کوردستان ڕووڕەشی و شەرمەزاری بۆ بەعسیەکان و سوپاکەیان سەروەری بۆ کەس و کاری شەهیدانی هەڵەبجە و هەموو کورد و کوردستان . داوا لەحکومەت و پەرلەمانی کوردستان دەکەم ئاوڕی جدی لەهەڵەبجە و جوگرافیاکەی بداتەوە قوربانیانی هەڵەبجە و بارزانیەکان و ئەنفالەکان و فەیلیەکوردەکان بەرز ڕابگرن و هەوڵی جدی بدرێت قەرەبووی قوربانیەکان و زەرەر و زیانەکانیان بکرێتەوە .هەلەبجەش وەك پارێزگایەك بە کوردستان و جیهان بناسرێت کتێبخانەیەکی نشتمانی کوردی لەو شارەدا بکرێتەوە و زانکۆی شارەزوور لە هەڵەبجە بنیاد بنرێت گرنگی بدرێت بە لایەنی ژیانی جەماوەر و ڕۆشنبیرکردن و دروستکردنی بەنداوێك لەو سنورەدا و هێنانی کۆمپانیای بیانی بۆ ئاوەدان کردنەوەی هەڵەبجە و جوگرافیاکەی کە ئەرکی سەرشانی حکومەتی نیشتمانی کوردستانە .

شەوی 2008/4/17 نوسراوەتەوە